# سامۆئیلی و شائول و داود

١ سامۆئیل ١–١٦ و زەبوورەکان ٨، ٢٣

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان کە ئەو کاتەی پاش پێغەمبەر یەشوع کاتێکی تاریك و گەندەڵ بوو لە مێژووی نەتەوەی ئیسرائیل. بەڵام تەنانەت لەو کاتە تاریکەشدا چاومان کەوت بە ڕووناکی دڵسۆزی خودا. پەروەردگار بەڵێنی خۆی کە دابووی بە ئیبراهیم و نەوەکەی سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە لە بیر نەکردبوو ئەوەی دەبوایە لە نەتەوەی ئیسرائیل بێتە دونیاوە.

بۆیە بینیمان چۆن خودا دەستی لە ژیانی ژنێك بوو بە ناوی ڕاعوس. ڕاعوس لەگەڵی ئیسرائیل نەبوو، بەڵام پڕ بە دڵ باوەڕی بە خودای ئیسرائیل هەبوو. ولەو کاتەی زۆربەی گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار خودایان کرد و شوێنی ئایینەکانی دەوەراوپشتیان کەوتن، ڕاعوس هەڵبژارد پشت لە ئایینی باوکی بکات و شوێنی خودای ئیسرائیل بکەوێ. ڕاعوس باری کرد بۆناو خاکی ئیسرائیل و لە شاری بێت لەحم نیشتەجێ بوو کەوا لەویش شووی بە پیاوێکی ئیسرائیلی کرد بە ناوی **بوعەز**. **بوعەز** و ڕاعوس کوڕێکیان بوو بە ناوی **عوبێد**، و **عوبێدیش یەسا** بوو، باوکی پێغەمبەر داود. بەوشێوەیە، پلانی خودا بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی لە نەوەی داود ڕزگاری دەری جیهان دەهاتە جیهان. لە شاری بێت لەحم بوو، لە شاری داود، کە دەبوایە ڕزگاری دەری جیهان لە دایك بێت. لە وانەکانی داهاتوو، گوێمان لێ دەبێت چۆن پێغەمبەران پێش بینی ئەو هەموو شتەیان کرد و پاشان چۆن ڕزگاری دەرەکە ئەو شتانەی هێنایە دی سەدان ساڵ لەوە پاش. تەنها خودا دەتوانێ شتی وابکات!

پێغەمبەر داود زۆر ناودارە لە نووسراوە پیرۆزەکان. زیاتر لە هەزار جار ناوی دووبارە دەبێتەوە. چی دەزانی دەربارەی پێغەمبەر داود؟ ڕەنگە ئەوە بزانی کەئەو گەنجەیە کە لە جالوتی بردەوە، جالوتی زەبەلاح، تەنها بە بەردەقانیەك و بەردێك. ڕەنگە ئەوەش بزانی کە داود پاشایەکی مەزن بوو لە ئیسرائل و ئەو پێغەمبەرە بوو کەزۆربەی زەبوورەکانی نووسیوە. ئەگەر ئەم شتانە بزانی زۆر باشە، بەڵام زانیارییەکانت دەربارەی داود نابێ لەوەندە ڕاوەستێ. ئەگەر بزانین داود پاشایەکی مەزن بوو، بەڵام نەزانین چی وای لێ کرد مەزن بێت – ئەوا ئەو زانیاریانە چی سوودی هەیە؟ یاخود ئەگەر بزانین داود ووشەی خودای نووسیوە لە زەبوورەکان، بەڵام نەزانین چی نووسیوە – ئەو چی سوودێکی هەیە بۆمان؟

ئەگەر دەتەوێ زانیاریت دەربارەی پێغەمبەر داود زیاد بکەیت و دەخوێنینەوە لەو ووشە جوان و بە هێزانە بێت کە لە زەبوورەکان نووسیویەتی، ئەوا داوات دەکەین لەگەڵمان بن بۆ دیراسەتی ئەمڕۆمان و پێنج وانەی داهاتوو.

ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی کەلە پێش داود هات؟ پێغەمبەر سامۆئیل بوو. خودا سامۆئیلی هەڵبژارد بۆئەوەی نەتەوەی ئیسرائیل بگەڕێنێتەوە بۆلای پەروەردگار خودایان، لەبەر ئەوەی دڵیان زۆر لە خودا دوور بوو. ئەمڕۆ لە سیپارەی سامۆئیل دەخوێنینەوە. ئەم سیپارە پیرۆزە گرنگە لەنێوان نووسینەکانی پێغەمبەران، لەبەر ئەوەی چیرۆکی بە بەهای لەخۆ گرتووە لە ژیانی سامۆئیل و یەکەم سێ پاشای ئیسرائیل: شائول و داود و سلێمان.

وەك بینیمان، خودا سەرکردەی وەك موسا و یەشوع و سامۆئیلی دا بەگەلی ئیسرائیل بۆ ئەوەی ڕێنمایی و دادوەرییان بکەن. بەڵام پەروەردگار خودا، ئەوەی لە بەند و کۆیلایەتی لە میسر ڕزگاریانی کرد، پاشای دادپەروەریان بوو. خودا، ئەوەی فەرمانی پێیان دا چادرێکی تایبەت دروست بکەن تاکو شکۆمەندی خۆی لەناوەڕاستیان دابنات، ویستی ببێت بە فەرمان ڕەوایان. دەبوایە بەگوێی بکەن و شوێنی ئەو بکەون بەتەنها. بەڵام، زۆربەی گەلی ئیسرائیل ڕازی نەبوون بەوەی تەنها پەروەردگار پاشایان بێت. ویستیان وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان بن و ئادەمیزادێك دەسەڵاتی وەك پاشا بە سەریاندا هەبێت!

لەبەشی هەشتەمی یەکەم سیپارەی سامۆئیل، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ سامۆئیل ٨) جا هەموو پیرانی ئیسرائیل کۆبوونەوە و هاتنە ڕامە بۆ لای سامۆئیل. [٥] پێیان وت: (ئەوەتا تۆ پیر بوویت و کوڕەکانت بە ڕێگای تۆدا ناڕۆن. ئێستاش وەک هەموو نەتەوەکان پاشایەکمان بۆ دابنێ تا دادوەریمان بۆ بکات.) [٦] بەڵام ئەم شتە لەبەر چاوی سامۆئیل خراپ بوو کاتێک وتیان، (پاشایەکمان بدەرێ دادوەریمان بۆ بکات،) جا سامۆئیل نوێژی بۆ پەروەردگار کرد. [٧] پەروەردگاریش بە سامۆئیلی فەرموو: (گوێ لە دەنگی ئەم گەلە بگرە لە هەموو ئەوەی کە پێت دەڵێن، چونکە ئەوان تۆیان ڕەت نەکردۆتەوە بەڵکو منیان ڕەت کردۆتەوە، وەک پاشا بەسەریانەوە. [٨] بەپێی هەموو کارەکانیان کە کردیان لەو ڕۆژەوەی لە میسرەوە سەرم خستن و تا ئەمڕۆ وازیان لە من هێنا و خودای دیکەیان پەرست، ئەوان ئاوان هەمان شت لەگەڵ تۆدا دەکەن. [٩] ئێستاش گوێ لە دەنگیان بگرە، بەڵام ئاگاداریان بکەرەوە و حوکمەکانی ئەو پاشایەشیان پێ ڕابگەیێنە کە دەبێت بە پاشا بەسەریانەوە.)

بەم شێوەیە، خودا بە سامۆئیلی فەرموو کە خەڵکی چی داوا دەکەن بیانداتێ و پاشایەکیان بۆ دەست نیشان بکات. خودا نەیویست گەلی ئیسرائیل پاشایەکی تریان هەبێت جگە لەو، بەڵام چونکە بڕیاری خودایان ڕەت کردەوە، خودا بە زۆر فەرمان ڕەوایەتیان ناکات. لە بەشی پاشتر، دەبینین چۆن سامۆئیل پاشایەکی بۆ گەلی ئیسرائیل دەست نیشان کرد بە ناوی شائول. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئینجا سامۆئیل گۆزە ڕۆنەکەی هەڵگرت و بەسەر سەری شاولدا ڕشتی. (١ سامۆئیل ١٠: ١) گەلی ئیسرائیل ئاوایان دەکرد هەرکاتێ یەکێکیان دەست نیشان بکردایە. ڕۆنیان بەسەر سەری پێغەمبەر و پیاوی ئایینی و پاشا دەکرد بۆ ئەوەی جیای بکەنەوە. لەپاش ئەوەی سامۆئیل ڕۆنی بەسەر سەری شائول کرد، بە هەموو خەڵکی ووت، (ئەوتان بینی کە پەروەردگار هەڵیبژاردووە، لەناو هەموو گەلدا کەس لە وێنەی ئەو نییە.) ئینجا هەموو گەل هاواریان کرد و وتیان: (بژی پاشا!) (١ سامۆئیل ١٠: ٢٤)

یەکەم جار، گەلی ئیسرائیل زۆر شائۆلی پاشایان بە دڵ بوو. ئەو بە هێز و ئازا بوو، گەنج و جوان بوو، و لە هەموو نەوەکانی ئیسرائیل درێژتر بوو. بە ڕەنگ و ڕووخسار، شائول پاشایەکی زۆر چاك بوو. بەڵام خودا وەك مرۆڤ شتەکان تەقییم ناکات. مرۆڤ تەماشای ڕووی دەرەوەی شتەکان دەکات، بەڵام خودا تەماشای ناوەڕۆکی دەکات. شائولی پاشا بە چاکی دەستی بە کارکرد، بەڵام لەگەڵ کاتدا دەستی بە غیرە و خۆ پەرستی کرد. شائول بەدەم خودای بەرز ڕادەگرت، بەڵام دڵی زۆر لە خودا دوور بوو. شائول بە گوێی ووشەی خودا ناکرد و ڕێزی خودای نەگرت. بە دڵی خۆی دەکرد نەك ئەوەی خودا دەیویست بیکات.

بۆیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە لەپاش چەن ساڵێك لە بوونی بە پاشا، (١ سامۆئیل ١٥) [١٠] ... وشەی پەروەردگار هات بۆ سامۆئیل و فەرمووی: [١١] (پەشیمانم کە شاولم کرد بە پاشا، چونکە لێم هەڵگەڕاوەتەوە و وشەکەی منی بەجێ نەگەیاند.) جا سامۆئیل بە درێژایی ئەو شەوە دڵتەنگ بوو و هاواری بۆ پەروەردگار کرد. [١٢] بەیانی زوو سامۆئیل بۆ بینینی شاول هەڵستا... [١٣] جا سامۆئیل هات بۆ لای شاول و شاول پێی وت: (با پەروەردگار بەرەکەتت بکات، من وشەی پەروەردگارم بەجێ گەیاند...

[٢٢] بەڵام سامۆئیل وتی: (ئایا شادییە بۆ پەروەردگار قوربانی سووتا و سەربڕاو وەک گوێڕایەڵی دەنگی پەروەردگار؟ ئەوەتا گوێڕایەڵی لە سەربڕین باشترە و سەرنجدانیش لە چەوری بەرانەکان. [٢٣] چونکە وەک گوناهی فاڵگرتنەوە یاخیبوون تاوان و بتپەرستییە کەللە ڕەقی، لەبەر ئەوەی وشەی پەروەردگارت ڕەتکردەوە ئەویش لە پاشایەتی ڕەتت دەکاتەوە.

بەو شێوەیە سامۆئیل بە شائولی ووت کە شانەشینەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بە یەکێکی تر. لە بەشی پاشتر، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، (١ سامۆئیل ١٦) [١] جا پەروەردگار بە سامۆئیلی فەرموو: (تا کەی بۆ شاول غەمگین دەبیت؟ من ڕەتم کردۆتەوە لە پاشایەتیکردن بەسەر ئیسرائیلەوە، قۆچەکەت پڕ بکە لە ڕۆن و بڕۆ دەتنێرم بۆ لای یەسای بێتلەحمی، چونکە لەناو کوڕەکانیدا پاشایەکم بۆ خۆم بینیوەتەوە.) [٢] سامۆئیلیش وتی: (چۆن بڕۆم؟ ئەگەر شاول ئەمە ببیستێتەوە دەمکوژێت.) پەروەردگاریش فەرمووی: (نوێنگینێک لەگەڵ دەستتدا دەبەیت و دەڵێیت، (بۆ قوربانی سەربڕین بۆ پەروەردگار هاتووم.) [٣] جا یەسا بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە

بانگ دەکەیت و من فێرت دەکەم چی بکەیت و ئەو کەسەم بۆ دەستنیشان دەکەیت کە پێت دەفەرمووم.) [٤] ئینجا سامۆئیل ئەوەی کرد کە پەروەردگار پێی فەرمووو و هات بۆ بێتلەحم و پیرانی شارەکە لەرزین و وتیان: (بە ئاشتی هاتوویت؟) [٥] سامۆئیلیش وەڵامی دایەوە: (بە ئاشتییە، هاتنم بۆ سەربڕینی قوربانییە بۆ پەروەردگار، خۆتان پیرۆز بکەن و لەگەڵمدا وەرن بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە.) ئینجا یەسا و کوڕەکانی تەرخان کرد و بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە بانگی کردن. [٦] جا ئەوە بوو کە هاتن، سامۆئیل تەماشای ئەلیابی کرد و وتی: (لەبەردەم پەروەردگارە دەستنیشانکراوەکەی.)

[٧] بەڵام پەروەردگار بە سامۆئیلی فەرموو: (تەماشای سەروسیما و بەرزی باڵای مەکە، چونکە ڕەتم کردۆتەوە، چونکە پەروەردگار وەک مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای چاوەکان دەکات بەڵام پەروەردگار تەماشای دڵ دەکات.) [٨] ئینجا یەسا ئەبینادابی بانگکرد و بە بەردەم سامۆئیلدا تێپەڕی کرد، ئەویش وتی: (هەروەها پەروەردگار ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.) [٩] ئینجا یەسا شەممای تێپەڕاند و ئەویش وتی: (هەروەها پەروەردگار ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.) [١٠] ئینجا یەسا هەر حەوت کوڕەکەی لەبەردەم سامۆئیلدا تێپەڕاند و سامۆئیلیش بە یەسای وت: (پەروەردگار لەمانەی هەڵنەبژاردووە.) [١١] سامۆئیل بە یەسای وت: (کوڕەکان تەواو بوون؟) ئەویش وتی: (هێشتا بچکۆلەکەیان ماوە و ئەوەتا مەڕ دەلەوەڕێنێت.) سامۆئیلیش بە یەسای وت: (بنێرە بە دوایدا و بیهێنە، چونکە دانانیشین تا بۆ ئێرە دێت.) [١٢] ئەویش ناردی بە دوایدا و هێنای، جا سوورەیەکی چاوجوانی قۆز بوو. ئینجا پەروەردگار فەرمووی: (هەستە و دەستنیشانی بکە، چونکە ئەمە خۆیەتی.) [١٣] ئینجا سامۆئیل قۆچە ڕۆنەکەی برد و لەنێو براکانیدا دەستنیشانی کرد و لەو ڕۆژە بە دواوە ڕۆحی پەروەردگار هاتە سەر داود. پاشان سامۆئیل هەڵستا و بۆ ڕامە چوو.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن خودا داودی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای ئیسرائیل لەپاش شائول. بەڵام دەبێت لەوە تێ بگەین کە داود یەکسەر ئەو ڕۆژە نەبووە پاشای ئیسرائیل. داود هێشتا گەنج بوو و ئەو کاتەی خودا بۆی دانابوو کە پاشایەتی بەسەر گەلی ئیسرائیل بکات هێشتا نەهاتبوو. لە ڕاستیدا، داود دەبوایە دە ساڵ تر ڕابوەستێ پێش ئەوەی لەسەر عەرشی ئیسرائیل دانیشێ.

ئیتر داود گەڕایەوە دەشت و دەری دەوراوپشتی بێتلەحم بۆ شوانی مێگەلەکانی باوکی. داود شوانێکی باش و دڵسوز بوو. لە هیچ نەترسا چونکە متمانەی بە پەروەردگار هەبوو. بۆ نموونە، ڕۆژێك کاتێك داود خەریکی لەوەڕاندی مەڕەکانی باوکی بوو، شێرێك پەلاماریانی دا. داود کەوتە دوای شێرەکە و پەلاماری دا و مەڕەکەی ڕزگار کرد لەدەم شێرەکە. کاتی شێرەکە بۆی سوڕایەوە، داود پرچی گرت و کێشای پێیا و کوشتی. (١ سامۆئیل ١٧: ٣٥)

داود نەك تەنها شوانێکی باش بوو، بەڵکو عوودەکەی لێدەدا و گۆرانی دەوت. ڕۆحی خودا ئیلهامی داودی دەدا کە ئاوازی خۆش دابنێ و لە پەرتوکی زەبوورەکان بنوسێ. ئای داود چەن پەروەردگار خودا و ووشەی خۆش دەویست!


حەز دەکەین وانەکەمان کۆتایی پێ بێنین بە چەن پارچەیەك لە زەبوورەکانی داود. هەوڵ بدە داود بێنیتە پێش چاوت لە کێڵگە پڕ سەوزاییەکاندا و لەنێوان مەڕدا، عوودەکە لێ دەدات و ستایشی خودا دەکات بە گۆرانی و سوپاس گوزاری کە لە بەرهەمی ڕۆحی خودا بوون.

(ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لە سەراپای زەویدا چەند شکۆدارە... کاتێ تەماشای ئاسمانت دەکەم، کە پەنجەکانی تۆ دروستی کردووە، مانگ و ئەستێرەکان، کە تۆ لەوێ داتناون، [٤] مرۆڤ چییە تاکو لە بیرت بێت؟ یان کوڕی مرۆڤ تاکو بایەخی پێ بدەیت؟ [٥] کەمێک لە فریشتەکان کەمتری دابنێیت، تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری... ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لەسەراپای زەویدا چەند شکۆدارە!) (زەبوورەکان ٨: ١، ٣–٥، ٩)

وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام. وشەکانتم لەناو دڵمدا شاردۆتەوە، تاکو گوناە بەرامبەر بە تۆ نەکەم. (زەبوورەکان ١١٩: ١٠٥، ١١ ) فێرکردنی پەروەردگار تەواوە، دەروون دەژێێنێتەوە. شایەتییەکانی پەروەردگار جێی متمانەن، گێل

دەکەن بە دانا. ڕێنماییەکانی پەروەردگار دروستن، دڵ خۆش دەکەن. ڕاسپاردەکانی پەروەردگار پاکن، چاو ڕۆشن دەکەنەوە. [١٠] ئەوان
لە زێڕ دڵگیرترن، لە زێڕی سافی زۆر، لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین. [١١] بەوانە خزمەتکاری خۆت ئاگادارکراوتەوە
پەیڕەوکردنیان پاداشتی زۆرە.) (زەبوورەکان ١٩: ٧، ٨، ١٠، ١١)
([١] پەروەردگار شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. [٢] لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار، [٣] گیانم
دەبووژێنێتەوە. ڕێنمای ڕێگای ڕاستودروستیم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی. [٤] ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە
هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت دڵنەوایم دەکەن. [٥] سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لە پێش
دوژمنانم، سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تا لێو پڕ دەکەیت. [٦] بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە
درێژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە.) (زەبوورەکان ٢٣) ئامین!

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوەی خودا بە سامۆئیلی ووت دەکەیتەوە: (پەروەردگار وەک مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای چاوەکان دەکات بەڵام پەروەردگار تەماشای دڵ دەکات.) (١ سامۆئیل ١٦: ٧)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. چی دەزانی دەربارەی پێغەمبەر داود؟
٢. ئەگەر بزانین داود پاشایەکی مەزن بوو، بەڵام نەزانین چی وای لێ کرد مەزن بێت — ئەوا ئەو زانیاریانە چی سوودی هەیە؟
٣. یاخود ئەگەر بزانین داود ووشەی خودای نووسیوە لە زەبوورەکان، بەڵام نەزانین چی نووسیوە — ئەو چی سوودێکی هەیە بۆمان؟
٤. ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی کەلە پێش داود هات؟

## ڕێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org